ئایندەی گەرمیان

بلاٌوكراوەیەكی سیاسی،
كومەلاٌیەتی گشتییە راگەیاندنی
مەڵبەندی ( ١١ ) رێكخستنیگەرمیان
دەری دەكات
ژمارە ( ٢ ) دووشەمە ٨/١/ ٢٠٠٥



عێراق تەنها دوو رێگای لەبەردەمە سێیەمی نیە 2

بەیان مانی : پەیكەرێك بۆ شێخ مەحمودی مەلیك دروست دەكەم لەبەردەقارەمان 6


# لەمەولا هەمووومان چاودێرین بەسەر فەرمانگەحكومیەكانەوە

## هەر فەرمانگەیەك خەڵك لێی رازی نەبێت،ئێمەش دەچینە پاڵ نارەزای خەڵكەوە

لە چەند رۆژی رابردودا مەلبەندی رێكخستنی گەرمیان بە شێوەیەكی چڕ وپڕ كۆبونەوەی لە گەڵ سەرجەم بەرێوەبەرایەتیەكانی ئیدارەی كەركوك/گەرمیاندا بەست. لەو كۆبونەوانەدا سەرەرای لێدوان سەبارەت بە خۆ ئامادەكردن بۆ "كۆنفرانسی ئاوەدانكردنەوەی گەرمیان" كەوا چاوەروان دەكرێت لە چەند رۆژی ئایندەدا ببەسترێت، بە شێوەیەكی گشتیش باس لە تێكرای ئەو پرۆژانەش كرا كە لە ماوەی رابردوودا لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەكانی ئیدارەی گەرمیانەوە ئەنجام درابوون. هەڤاڵ ئاواتی شێخ جەناب لەو كۆبونەوانەدا سەرەرای دەست خۆشی لە سەرجەم بەرێوەبەر وكارمەندانی گەرمیان بۆ ئەنجامدانی ئەركەكانی سەرشانیان، جەختی لە سەر ئەوەش كردەوە كە ئێمە وەك مەڵبەندی رێكخستنی گەرمیان تا ئەو رادەیەی كە ئێوە ئەركەكانی سەرشانتان بە باشی ئەنجام دەدەن پشتگیرو هاوكارتان دەبین و كەناڵەكانی راگەیاندنی مەڵبەندیش كەخوی لە ( تەلەفزیۆنی ئایندە ورادیوی گەرمیان بە AM و FMو رۆژنامە ئایندەی گەرمیان)دا دەبینێتەوە، ئامادەن سەرجەم چالاكیەكانتان وەك خۆی بخەنە روو . هەروەها ئامادەن لە رێگەی رێكخستنی سمینار و بەرنامەی تایبەتەوە كێشەو گرفتەكان بخەنە بەردەست هاوولاٌتیان و بەرپرسانی سەرەوە. لێپرسراوی مەڵبەندی رێكخستنی گەرمیان تاكیدی لە سەر ئەوەش كردەوە كە ئێمە لە مەڵبەند بە هیچ شێوەیەك رێگە نادەین بە كادرەكانی خۆمان پلەو پایەی خۆیان بۆ مەبەستی شەخسی بەكار بهێنن وتەجاوز بكەنە سەر فەرمانگەكان.

بەلاٌم لەمەولا ئەگەر هەر فەرمانگەیەك ئەركەكانی سەرشانی بە باشترین شێوە رانەپەرێنێت و كەمتەرخەم بێت و خەڵكی ناوچەكەی لێ نارازی بێت، ئەوا پێش هەركەسێك ئێمە بە واجبی خۆمانی دەزانین بۆ ئەوەی بیخەینەوە سەر رێچكەی سروشتی خۆی، رەخنەی رووبەروو بكەینەو بەو ئاراستەیەدا رێنوێنیان بكەین كە بەرژەوەندی گەرمیانیەكانی تێدایە.

هەر بەم بۆنەوە ئێمە لە دەستەی نوسەرانی (ئایندەی گەرمیان) داوا لە سەرجەم نوسەران وخوێنەرانی گەرمیان دەكەین لەمەولا هەر تێبینیو رەخنەو پێشنیارێكیان هەیە رەوانەی كەن بۆمان تاكو بەوپەری رێزەوە بلاٌویان بكەینەوە.

## پێشمەرگەیەكی بریندار كیمیاوی لەدادگا سكاڵا دژی تاوانبارێكی جەنگی تۆمار دەكات

یانەی كوردی لەولاٌتی هۆڵەندا لەراگەیاندنێكدا هەواڵی ئەوەی بلاٌوكردوەتەوە، كاروان جیهازی پێشمەرگەی دێرینی ی.ن.ك كە لەپەلامارەكانی ئەنفالدا بەچەكی كیمیاوی بریندار بووەو ئێستا لە هۆلاٌندا دەژی لەدادگایی شاری رۆتردام سكاڵایەكی دژی تاوانبار"فرانسیس ڤان ئەنرات" تۆماركردەوە، كەلە ساڵانی ١٩٧٨و١٩٨٨ دا چەكی كیمیاوی بۆ ئێراق دابینكردووەو بەهۆیەوە هەزاران هاولاٌتی كوردستانی پێی شەهیدو برینداربوون، هەر لەو راگەیاندنەدا یانەی كوردی داوای لەخەڵكی كوردستان وهەموو شایەتحاڵەكانی تاوانەكانی سەددام دەكات، كەدەتوانن تاوەكو ٢٠٠٦/٣/١ لەرێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەوە پەیوەندیان پێوەبكەن بە 020-3446200 جێگەی باسە مافناس خاتوو Dr.Liesbeth –ZEGUELD وەك پارێزەری كاروانی جیهاز لەو دادگایكردنەدا بەشدار دەبێت

## كردنەوەی بنكەی مەشقی پاسەوانی سنور لە خانەقین

بە ئامادەبوونی هەڤاڵ نازم كەركوكی ئەندامی فەرماندەیی گشتی و سەرپەرشتیاری فەرماندەیی گەرمیان و عەمید نازمی وەستا شەریف وعەقید چەتۆ صالح بەرێوەبەری پۆلیسی گەرمیان و هاورێ ئەبو كاروان لێپرسراوی كۆمیتەی محەلی حزبی شیوعی كوردستان و كۆلۆنێل ئادەم بەرپرسی گشتی هێزەكانی هاوپەیمانان لە پارێزگای دیالی و كۆلۆنێل هۆمس بەرپرسی هێزەكانی هاوپەیمانان لە سنووری باكوری دیالی و ژمارەیەكی زۆر لە كەسایەتی و نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسیەكان و ژمارەیەكی بەرچاو لە ئەفسەران و كەناڵەكانی راگەیاندنی ئەو دەڤەرە ، رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٩مەراسیمی كردنەوەی فێرگەی جەنگی بەرێوەبەرایەتی پاسەوانی سنووری دیالیلە شاری خانەقین بە دەقیقەیەك بۆ گیانی پاكی شەهیدان دەست پێكراو پاشان كۆلۆنێل هۆمز لە ووتارێكدا كردنەوەی ئەم جۆرە فێرگەیانەی بە پێویست زانی بۆ بەرەنگاری بوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان و توانای ئەفسەرانی مامۆستای ئەو فێرگەیەی بەرز نرخاند و هەروەها عەمید نازمی وەستا شەریف سوپاسی هاوكاری كردنی هێزەكانی هاوپەیمانانی كرد بۆ كردنەوەی ئەم جۆرە فێرگەیانە و پاشان بروانامە و خەلاٌتی رێز لێنان پێشكەش بە مامۆستایانی ئەو فێرگەیەكرا لە لایەن كاپتن وایزەوە كە ژمارەیان چواردە مامۆستابوو هەروەها بریارە لە ٢٠٠٥/٨/١ خولێكی نوێ بۆ زیاتر لە بیست ئەفسەری ئەو سنوورە بكەنەوە بۆ زیاتر پێگەیاندنی لە بوارەكانی كاری سەربازی وهۆشیاری ئیداری ومەشقی بەرەنگاری بوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان و چۆنیەتی دابین كردنی ئارامی و ئاسایش بۆ سنوورەكە

## كورتەی هەواڵەكانی گەرمیان

★ لە مەراسیمێكی شایستە و پرشكۆدا و بە ئامادەبوونی بەرێزان كاك عوسمانی حاجی مەحمود وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان وكاك محمود سەنگاوی ئەندامی سەركردایەتی و نوێنەری هەڤاڵ مام جەلال و كاك كوردۆ قاسم و كاك جەنگی براو نوێنەری هەڤاڵ كاك كۆسرەت رەسوڵ و كاك مەلا سەعید پارێزگاری كەركوك و كاك ئاواتی شێخ جەناب ئەندامی سەركردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی (١١ ) ی رێكخستنی گەرمیان و عەقید چەتۆ صالح بەرێوەبەری پۆلیسی گەرمیان و قائمقام و سەرۆكی شارەوانی قەزای كەلار و جەماوەرێكی زۆر لە دام و دەزگا و خەڵكیشاری كەلار و كفری و خانەقین لە رۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٥ تەرمی هاورێ و دۆستی یەكێتی نیشتمانی كوردستان خوالێخۆشبوو (ئارام ) ی كوری شەهید مام صالحی سەی مرادی یان لە گۆرستانی كەلار بە خاك سپارد كە بەهۆی نەخۆشیەوە لە شاری سلێمانی گیانی پاكی لە دەست دابوو .

★ رۆژی ٢٠٠٥/٧/٢٢ لە رێگای كەلار باوەنووردا بە هۆی وەرگەرانی ئۆتۆمبێلەوە كارمەندی ئاسایشی دەربەندیخان و دلسۆز و خۆشەویستی ناو ریزەكانی رێكخستنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان (سۆران مەحمود موراد عەلی ) كوری شەهید و پێشمەرگەی ماندوو نەناسی رێگای سەرفرازی كوردستان (مەحمود موراد عەلی ) گیانی لە دەست دا .

**گرتنی حەبی بێهۆشكەر**

★ رۆژی ١٨/ ٧/ ٢٠٠٥ هێزەكانی ئاسایشی رزگاری بە هاوكاری هێزەكانی ئاسایشی كفری لە دوای بەدواچوون و زانیاری وەرگرتن لە ماڵی ( ا. م. ع ) كە دانشتووی شاری كفریە توانیان سی پارچە حەبی بێهۆشكەر لە جۆری ( ئارتین و ڤالیۆم ) بگرن و پاشان كێشەكە دراوەتە دادگای لێكۆڵینەوەی كفری تا ئێستاش لێكۆڵینەوە لەسەری بەردەوامە .

**لە كەلار دزێك دەگیرێت**

★ هێزەكانی ئاسایشی شاری كەلار لە یەكێك لە زالگەكانی شاری كەلاردا لە رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٦ هاولاٌتی (م. ع ) دەگرن كە كوری كەسێكی ناوداری كەلارە ,ناوبراو بری حەڤدە ملیۆن دیناری چاپی تازەی عێراقی لە باوكیخۆی دزیوە وبەمەبستی سەرف كردنی ئەو برە پارەیە چووە بۆ بەغداو بەعقوبە . ئێستاش كێشەكە رەوانەی پۆلیسی كەلار كراوە بۆ ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی تەواو سەبارەت بە ئەو مەسەلەیە

*** ژنێك دو پشك دەیكوژێت**

شەوی ١٩/١٨- ٧-٢٠٠٥ لە گەرەكی سیروان (كەمپی خوار ) ی قەزای دەربەندیخان ژنێك بە ناوی (پەروین صالح ) ژنی ماڵەوە ، بەهۆی پێوەدانی دوپشكەوە رەوانەی نەخۆشخانەی فریاكەوتنی سلێمانی دەكرێت و لە رێگادا گیان لەدەست دەدات .

## بەبڕی ٥٠ ملیۆن دینار شوێنەواری جۆگەی گاور چاكدەكرێتەوە



لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان وبە هەماهەنگی نێوان بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان وفەرمانگەی شوێنەواری كەلارو وەزارەتی رۆشنبیریی, بەبڕی ٥٠ملیۆن دینار شوێنەواری جۆگەی گاورچاكدەكرێتەوە, رێرەوی ئەم جۆگەیە دەكەوێتە نێوان هەردوو چۆمی حەمەی كەریم وپونگەڵەی گردەگۆزینە, كاری چاككردنەوەش بریتی دەبێت لەپاككردنەوەی ناو جۆگەكەو بەرد رێژكردنی بناغە هەڵوەشاوەكان وبەهێزكردنی دیواری شانەكان, هەروەها دروستكردنی سەقفە رووخاوەكان وچاككردنەوەی مەنهۆڵەكان, راپۆرتی پشكنینی زانستیش لەو شوێنەوارەدا ئاماژە بەوە دەدات كە پرۆژەكە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی كیسرای یەكەم, كە بە كیسرا نەوشیروان٥٣١ — ٥٧٩ پ.ز ناوبانگبووە, ئەمەش ئەو راستییە دەسەلمێنێ كە ئاوەدانی وشارستانییەت ونیشتەجێبوون لەجێگای شاری كەلاری ئێستا زۆر لەوە كۆنترە كە لەناو خەڵكدا باسی لێوە دەكرێت .

## شاروانی كەلار پرۆژەكانی خۆی بلاو دەكاتەوە

لە راگەیاندنێكی رۆژنامەوانیدا سەرۆكایەتی شارەوانی كەلار ناوی پرۆژەو بودجەو ماوەی پرۆژەو رێژەی كاركردن وناوی كۆمپانیاكەی ئاشكراكرد، ژمارەی ئەم پرۆژانە ٢١ پرۆژەیەو واش چاوەرواندەكرێت لەماوەیەكی كورتدا هەر یەك لە پرۆژەی دروستكردنی ٥ تەنكی كۆنكریتی وئۆتێلی گەشتیاری وگەراجی بارهەڵگری كەلار وجادەو شۆستەی كۆنكریتی گەرەكی بنگرد تواو ببن، چونكە لەرێژەی كاركردنی دەرخراودا لەخشتەی پرۆژەكاندا هەرهەموو بەرێژەی ٩٥٪ وزیاتر تەواو بوونە .

## لەگەرمیان خوێندكارانی زانكۆ خۆیان رێكدەخەن

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا خوێندكارە گەرمیانییەكانی زانكۆكانی كوردستان بەمەبەستی بەمەدەنیكردن وجوانتركردنی شارەكانیان دەستیان داوەتە دامەزراندنی رێكخراوو كۆمەڵەو گروپی جیاجیا، لەم بارەیەوە تاوەكو ئێستا بەیاننامەی گروپی گۆران وگروپی بەمەدەنی كردنی كەلار- رزگاری بەدەستمان گەیشتووە .

لەو بەیاننامانەدا خوێندكاران جگە لەخواست وپێشنیارو رەخنەكانیان، داوا دەكەن ئیداراتی ئەو شارانە هەلی بەشداریكردنیان لە ئاوەدانكردنەوەو هۆشیاركردنەوەی خەڵك بۆ هەڵسوكەوتی شارستانیانە برەخسێنێت، هەر لەم بارەیەوە قائیمقامی كەلار تاریق رەشید بە رۆژنامەكەمانی راگەیاند:"ئێمە پشتگیریی لەهەموو هەولێكی دڵسۆزانە دەكەین كەمەبەستی خزمەتكردنی گەرمیان بێت" .

## ئەم چوارشەممەیە قائیمقامی كەلار باس لەگەندەڵی ئیداری دەكات

لەدرێژەی ئەو كۆرانەی كەهەموو چوارشەممەیەك بەشی راگەیاندنی مەڵبەندی یانزەی رێكخستنی گەرمیانی(ی.ن.ك)سازی دەكات، سەعات شەشی ئێوارەی٢٠٠٥/٨/٣لەهۆڵی مەڵبەند كۆرێك بۆ تاریق رەشید قائیمقامی قەزای كەلار ساز دەكرێت لەژێر ناونیشانی"رۆتین وگەندەڵی ئیداری" .
هاتن بۆ هەمووانە

## هاولاٌتی بەرێزی گەرمیانی بۆ ئەوەی هەموو شەوانی تاریكیت بە رووناكی بەسەر بەریت، تكایە تەنیا بەقەد پێویستی خۆت كارەبا بەكار بهێنە